# له کەناری ئاوەکانی بابیلۆن : نووسینی ستیفن ڤینسنت بینیت

# BY THE WATERS OF BABYLON: STEPHEN VINCENT BENET

## پ.ی.د. محەمەد عەزیز سەعید کردویە بە کوردی

**له کەناری ئاوەکانی بابیلۆن یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا نوسەری ئەمەریکی ستیفن ڤینسینت بەنیت نوسیویەتی و لە 1937/7/31 بۆ یەکم جار بلاو کراوەتەوە. ئەم نوسەرە شاعیر و چیرۆك نووس و ڕۆمان نووس بووە. لە 1895/7/22 لە ویلایەتی پنسلڤانیا لە ئەمەریکا لە دایك بووە و لە 1943/3/13 لە تەمەنی 44 ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.**

**کورتە چیرۆکی لە کەناری ئاوەکانی بابیلۆن بە شێوەی گۆرانی و بە شێوازی چیرۆك خوێندنەوە بە دەنگ لە یو تیووب تۆمار کراوە خوێنەر لەئەم لینکانەوە دەستی دەکەوێ:**

https://www.youtube.com/watch?v=M3YMRmCAbnU
https://www.youtube.com/watch?v=uTnspbSjKVc

**دوای 81 ساڵ لە نووسینی چیرۆکەکە واتا لە 2018/7/31 وەرگێر کردوویەتی بە کوردی.**

**نوسەر ئەم چیرۆکەی نووسیوە وەکو کاردانەوەیەکی بۆردومان کردنی شاری گیورنیکا (Guernica) لە هەرێمی باسك وولاتی ئیسپانیا لە 1937/4/26 لەکاتی شەری شارستانی (سیڤیلی) ئیسپانیا. هەر لەم ساڵەدا لە مانگی حوزەیران 1937 وێنەکێشی ناوداری ئیسپانی پابلۆ پیکاسۆ تابلۆی یادەوەری کێشاوە.**

**نووسەر کوژراوانی ئەم بۆردوومانە زۆر لە شەهیدان بەرزتر دەزانێت بۆیە پلە و پایەی " خواکان- Gods " ی بۆ داناون واتا " Place of The Gods = شوێنی خواکان = شوێنی مردووەکان".**

**بۆ ڕێز گرتنی باری کۆمەلأیەتی وولأتمان , بەباشمان زانی لە جیاتی ووشەی "خوا" ووشەی "شەهید" بۆ مردووەکان بەکاربهێنین لەم چیرۆکەدا چونکە لە شەریعەتماندا شەهید بوون بەرزترین پلەیە..**

**باکور، ڕۆژئاوا ، باشوور شوێنی باشن بۆ ڕاوکردن، چوون بۆ ڕۆژهەلات ڕێگا پێنەدراوە. چوون بۆ شوێنی شەهیدان ڕێگا پێنەدراوە ، جگە لە گەڕان بە دوای مێتاڵ دا و ئەوەی دەست لە مێتاڵ بدات دە بێت قەشە یان کوڕی قەشە بێت. لە دواییدا ، پێویستە پیاو و مێتاڵ پاك بکرێنەوە. ئەمانە ڕێنماییەکان و یاساکانن، زۆر باش دارێژراون. پەڕینەوە لە ڕووبارە مەزنەکە و تەماشاکردنی شوێنی شەهیدان ڕێگا پێنەدراون. بە هیچ شێوەیەك ڕێگایان پێنادرێ. ئێمە ناوی نابەین ، هەرچەندە ناوەکەی دەزانین. ئەو شوێنەیە کە خێو و جنۆکەکان لێی دەژین. ئەو شوێنەیە کە خۆڵەمێشی سووتانە گەورەکەی لێ یە. ئەمانە ڕێگا پێنەدراون – ڕێگا پێنەدراون ، لەو ڕۆژەوەی کات دەستی پێکردووە.**

**باوکم قەشەیە و منیش کوڕی قەشەم. من چوومەتە شوێنی مردووەکانی نزیکمان. یەکەم جار لەگەڵ باوکم چووم، دەترسام. کە باوکم ڕۆیشتە ناو خانووەکە بۆ گەڕان بە دوای مێتاڵ دا، لە ناو دەرگاکە دانیشتم و هەستم کرد دڵم بچووك و لاوازە.**

**خانووی پیاوە مردووەکە بوو، ماڵی ڕووحەکان. بۆنی پیاوی لێ نەدەهات ، هەرچەندە ئێسقاتی کۆن لە سووچی ژوورەکە هەبوو. گونجاو نەبوو کوڕی قەشە بترسێ. تەماشای ئێسقانەکانم لە سێبەرەکەدا کرد و بێدەنگ بووم.**

باوکم لە خانووەکە هاتە دەرەوە و مێتاڵەکەی بە دەستەوە بوو- پارچەیەکی باشی بەهێز . بە هەردوو چاوی سەیری کردم و منیش ڕام نەکرد. مێتاڵەکەی دامێ هەڵیبگرم و نەمردم. زانی کە من کوڕی ڕاستەقینەی ئەوم و لە داهاتوو دەبم بە قەشە. ئەمە لە کاتی لاویم بوو-بە هەر حاڵ ، هەرچەندە براکانم ڕاوچی باش بوون بەلأم نەیان دەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن. پارچە گۆشتێکی باشیان دامێ و لە سووچێکی ئاگردانەکە دانیشتم ، بەردەوام باوکم سەیری دەکردم-دڵخۆش بوو کە دەبم بە قەشە. کاتێك بەبێ هۆ شانازییم بکردایە یان بگریابام ئەوا لە براکانم زیاتر ئەشکەنجەی دەدام — ئەمە ڕاستیەکەیەتی.

دوای ماوەیەك ڕێگام پێدرا بچمە ناو خانووی مردووەکان بە دوای مێتاڵ دا بگەڕێم و شارەزای ڕێگاکانی خانووی مردووەکان بووم — ئەگەر ئێسقان بام ئەوا نەدە ترسام- ئێسقانەکان سووك و کۆن بوون- ئەگەر دەستت لێ بدابان ، دەبوون بە خۆڵ- ئەمەش گوناهێکی گەورە بوو.

منیان فێری سروود و خوێندنەوەی لە سەرەخۆ کردبوو- منیان فێری چۆنیەتی ڕاگرتنی خوێنی برینەکان کردبوو — نهێنیەکان فێرکرا بووم- قەشە دەبی زۆر لە نهێنیەکان بزانێ — باوکم بەردەوام دووپاتی دەکردەوە.

ئەگەر ڕاوچییەکان وا بزانن ئێمە هەموو شتێك بە سروود و خوێندنەوەی لە سەرەخۆ ئەنجام دەدین، باوەڕیان وابێ- ئەوا ئازاریان نادات. من فێری خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکان کرابووم و فێری چۆنیەتی نوسینیان بوو بووم- ئەمەش سەخت بوو ، کاتی زۆر برد. مەعریفەتم دڵخۆشی کردبووم — وەکو کڵپە ئاگرێك وابوو لە ناو دڵم دا بڵێسەی دەدا. زۆربەی کات ، حەزم دەکرد گوێ بیستی ڕۆژانی ڕابردوو بم ، گوێ بیستی چیرۆکەکانی شەهیدان بم. زۆر پرسیارم لەخۆم دەکرد و وەلأمم نەبوو- بەلأم وا باشتر بوو پرسیارەکان لە خۆم بکەم. شەوانە ڕادەکشام و بە خەبەر بووم و گوێم لە ڕەشەبا دەگرت — وا هەستم دەکرد کە دەنگی شەهیدەکانە بە هەوادا دەفڕن.

ئێمە وەکو خەڵکی جەنگەڵ هیچ شتێك پشت گوێ ناخەین- ژنەکانمان خوری دەڕێسن و قەشەکانمان ڕۆبی سپی لەبەر دەکەن. گەرای کرمی سەردارەکان ناخۆین، نوسینە کۆنەکانمان لە بیر نەچۆتەوە، هەرچەندە تێگەیشتنیان ئەستەمە . بە هەر حاڵ، مەعریفەت و کەمی مەغریفەت لە ناخم دا چەقی بوون- حەزم دەکرد زیاتر بزانم. کاتێ بووم بە پیاو ، چوومە لای باوکم ووتم" کاتی گەشتەکەم هاتووە- ڕێگام پێبدە". سەیرێکی کردم و دەستی بە ڕیشی دا هێناو ووتی " بەڵێ- کاتی هاتووە".

ئەو شەوە لە خانووی قەشەکاری دا، داوای پاك کردنەوەم ( دەست نوێژ گرتنم) کرد. جەستەم ئازاری ئەدام بەلأم ڕووحم وەکو بەردێکی سارد وابوو. باوکم بوو پرسیاری خەونەکانی لێ دەکردم. ناچاری کردم تەماشای دووکەڵی ئاگرەکە بکەم و ببینم — ئەمەش هەر ئەوە بوو کە بەردەوام بینیبووم- ڕووبارو ئەو دیوی ڕووبار ، شوێنی مردنی مەزن — لە وێشەوە ڕێڕەوی شەهیدەکان، بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە، بە ڕوو گرژیەوە سەیری دەکردم- چیتر باوکم نە بوو- ئەو قەشە بوو. ووتی " خەونێکی بە هێزە". ووتم خەونی خۆمە و هەر لەو کاتەدا دووکەڵەکە شەپۆلی داو سەرم سووك بوو.

له ژوورەکەی دەرەوە گۆرانی ئەستێرەیان دەگووت ، وەکو زیزەی مێش هەنگ بوو لە مێشکم دا. پرسیاری لێ کردم ، قەشەکان چ جۆرە جلێکیان لەبەر کردبوو؟ منیش پێم گووت. لە کتێبەکانەوە دەزانین قەشەکان چ جۆرە جلێك دەپۆشن. من ئەوانم دیت و وابوون، لە پێش من بوون. کە تەواو بووم ، سێ جار داردەستەکەی هەڵ داو لە شێوازی کەوتنە خوارەوەی دەکۆڵیەوە.

ووتی " خەونێکی زۆر بە هێزە" لە وانەیە بت خوات. بە هەردووچاوم سەیرم کردو ووتم "من ناترسم". دەنگم لە گوێمدا سووك بوو، هۆکارەکەشی دووکەڵەکە بوو. دەستی لە سینگ و ناوچاوانم داو سێ تیر و کەوانێکی دامێ. ووتی وەری بگرە. گەشت بەرەو ڕۆژ هەلاّت ڕێگا پێنەدراوە. ناکرێ لە ڕووبار بپەڕیتەوە. ڕێگە نادرێ بچیت بۆ شوێنی شەهیدان. ئەمانەی ووتم هەموویان ڕێگە پێنەدراون، بەلاّم دەنگم بوو قسەی دەکرد، ڕووحم نەبوو.

جارێکی تر تەماشای کردم ، ووتی کوڕم، جارێکیان خەونی نوێم دەدیت. ئەگەر خەونەکانت نەتخون، ئەوا دەبیت بە قەشەیەکی مەزن. ئەگەر خەونەکانت بتخۆن ، ئەوا هەر کوڕی من دەمێنیتەوە، ئێستا بڕۆ بۆ گەشتەکەت.

ڕۆیشتم ، بە ڕۆژوو بووم ، جەستەم ئازاری دەدام، بەلاّم دڵم ئارام بوو . کە بەرەبەیان هات لە گووندەکە دوور کەوتبوومەوە و دیار نەمابووم. دەست نوێژم گرت و نوێژم کرد. چاوەڕێی سیگناڵ بووم . سیگناڵەکەش بازێك بوو بەرەو ڕۆژهەلاّت فڕی.

هەندێ جار ، خێوە خراپەکان سیگناڵەکان دەنێرن. لەسەر تاشە بەردێکی تەخت چاوەڕێم کرد. بە ڕۆژووم ، خواردن ناخۆم. زۆر بێ دەنگ بووم- هەستم بە ئاسمان لە سەرروومەوە و زەوی لە ژێرم دەکرد. چاوەڕێم کرد تاوەکوو خۆر دەستی بە ئاوابوون کرد.

سێ ئاسکە کێوی بە دۆڵەکەدا بەرەو ڕۆژهەلاّت ڕێیان گرتە بەر و هیچ گوێیان بە من نەدا ، منیان نەبینی. بەچکە مامزێکی نێری سپیان لەگەڵ بوو . سیگناڵێکی زۆر مەزن. دوور و نزیك دوایان کەوتم. چاوەڕێی ڕووداو بووم. دڵم دەلەرزی چونکە بەرەو ڕۆژهەلاّت دەڕۆیشتم. زانیم کە دەبێ بڕۆم. سەرم لەگەڵ بە ڕۆژوو بوونەکەم گێژی دەخوارد – تەنانەت قەڵمبازی پڵنگەکە بۆ سەر بێچووە مامزە نێرەکەشم نەدی. بەلاّم پێش ئەوەی بزانم ، کەوانەکە لە ناو دەستم بوو، هاوارم لێ کرد، پڵنگەکە سەری هەڵ بڕی – ئاسان نەبوو. بە یەك تیر پڵنگێك بکووژی ، تیرەکە بەناو چاوی دا ڕۆیشت ، لە مێشکی چەقی. پڵنگەکە هەوڵی قەڵەمبازی دا بەلاّم مردار بووەوە. خل بووەوە و زەوی هەڵ دەدڕی——بەمەش زانیم کە دەبێ بەرەو ڕۆژ هەلاّت بڕۆم- زانیم کە ئەمە گەشتی منە. شەو هات ، ئاگرم کردەوە و گۆشتم برژاند.

گەشتی ڕۆژهەلاّت هەشت خۆر (ڕۆژ) دەخایەنێ پیاو بە گەلێ شوێنی مردووەکاندا تێدەپەڕێ. خەڵکی جەنگەڵ لەم دۆخە دەترسن ، بەلاّم من ناترسم. جارێك لە نزیك شوێنی مردووەکان بە شەو وە لە بەرەبەیان دا کردەوە. لە خانووی مردووەکان چەقۆیەکی باشم دۆزیەوە، کەمێك ژەنگاوی بوو. بچووك بوو، بەلاّم دڵی گەورە کردم. هەرکاتێك سەیرم دەکرد، دەهاتە پێش تیرەکەم.

دووجار بە ئاهەنگی ڕاوچییەکانی خەڵکی جەنگەڵدا تێپەڕیم ، نەیان بینیم. زانیم کە تەلیسمەکەم بە هێزە، گەشتەکەم پاکە، هەرچەندە ، یاسا ڕێگای پێنەداوم.

کاتی ئاوا بوونی خۆری هەشتەم ، گەیشتمە کەناری ڕووباری مەزن. دوای نیو ڕۆژ گەشت کە ڕێگای شەهیدم بڕیبوو – ڕێگاکانی شەهیدان بەکار ناهێنین چونکە هەمووی سەخت و بەرداوی بوون- تاشە بەردی گەورە. ڕۆیشتن بە جەنگەڵ دا سەلامەت ترە، بەدرێژایی ڕێگا ئاوم دەدیت لە دارەکان دەهاتە دەرەوە- دارەکان ئەستوور بوون. لە کۆتاییدا لە جەنگەڵ هاتمە دەرەوە و شوێنێکی کراوەی فراوان بوو. لەسەر هەڵدێرەکە وە ، ڕووبارێکی گەورە لەخوارەوە دیار بوو، وەکوو زەبەلاحێك لە خۆر دا. زۆر درێژ و فراوان. ڕووبارێك دەتوانێ هەموو جۆگەلەکان قوت بدات و هێشتا هەر تینوو بێت. ناوی " Ou-dis-sun" بوو ، واتا پیرۆزە درێژەکە.

هیچ پیاوێکی خێڵەکەی من نەی دیتوە. قەشەی باوکیشم نەی بینیوە. ئەمەش تەلیسم بوو ، نوێژم کرد. چاوم هەڵبڕی و تەماشای باشوورم کرد. شوێنی شەهیدانم بەدی کرد. نازانم چۆن باسی بکەم کە چۆن بوو. تۆ نازانی، لەوێ بوون ، ڕەنگیان سوور بوو زۆر گەورەتر بوو لەوەی خانوو بن. لەوێ بوو ، تیشکی سووری لەسەر بوو. زۆر گەورە و داڕماو بوون. زانیم کاتێکی تر شەهیدەکان دەم بینن. بە دەستەکانم هەردووچاوم گرت ، بە خشکەیی چوومە ناو جەنگەڵەکە.

بەدڵنیاییەوە ئەمە بەس بوو بیکەم و بژیم. بە دڵنیاییەوە بەس بوو، نزیك نەدە بوومەوە. بە هەرحاڵ، بەدرێژایی شەو دەمزانی کە دەبێ لە ڕووبارەکە بپەڕمەوە و بەدوای شوێنی مردووەکان دا بگەڕێم. هەرچەندە ، لەوانەیە شەهیدەکان بمخۆن. تەلیسمەکەم یارمەتی نەدام، ئاگر لەناو جەستەم هەڵ دەقوڵا، ئاگرێك لە ناو بیرو هۆشم دابوو.

کە خۆر هەڵات ، وام زانی گەشتەکەم بێگەردە. ئێستا لە گەشتەکەم دەگەڕێمەوە ماڵەوە. خۆ ئەگەر ئاواش بیرم بکردایەوە، نەم دەتوانی بگەڕێمەوە. ئەگەر بڕۆیشتمایەتە شوێنی شەهیدەکان ، بە دڵنیاییەوە دەمردم- ئەگەر نەچووما بایە ، هەرگیز جارێکی تر لەگەڵ ڕووحم ئاشتیم نەدەدی. باشترایە ، بەردەوام، ژیان لە دەست بچێت ، نەك ڕووح لە دەست بدەیت. بەتایبەت ئەو کەسە قەشە بێت یان کوڕی قەشە بێت.

بە هەر حاڵ، کە بەلەمەکەم دروست کرد ، فرمێسك لە چاوم هات، خەڵکی جەنگەڵەکە منیان دەکوشت، بە بێ شەڕ، ئەگەر هاتبان بۆلام ، بەلاّم نەهاتن. کاتێك بەلەمەکە تەواو بوو، پێشینەیەکم بۆ مردن گوت ، خۆم بۆ مردن ڕازاندەوە . دڵم سارد بوو وەکو بۆق و ئەژنۆکانم وەکو ئاو، بەلاّم سووتانەکەی ناو بیرو هۆشم ڕێگای پێ نەدەدام لە ئاشتیدابم. کاتێك بەلەمەکەم لە کەناری ئاوەکەوە پاڵ نا ، دەستم کرد بە ووتنی گۆرانی مردن. ئەمەش مافی خۆم بوو، گۆرانیەکی خۆش.

من ناوم (جۆن) ە، کوڕی جۆن..........

گەلەکەم ، گەلی گردەکەن ، ئەوان پیاون.........

دەچمە ناو شوێنی مردووەکان، من نە کوژراوم..........

مێتاڵەکە لە شوێنی مردووەکان دەردەهێنم، من نەتەقیومەتەوە......

بە ڕێگای مردووەکاندا گەشت دەکەم، من ناترسم .....

ئێ...پڵنگەکەم کوشت، بەچکە مامزەکەم کوشت.......

ئێ...چوومە ڕووبارە مەزنەکە... هیچ پیاوێك پێشتر لەمن نەچوو بوو....

ڕۆیشتن بۆ ڕۆژهەلاَت ڕێگا پێنەدراوە، بەلاَم من ڕۆیشتم...

ڕۆیشتن بۆ ڕووبارە مەزنە ڕێگا پێنەدراوەکە، بەلاَم من لەوێم....

دلْت بکەوە، ڕووحت بکەوە، گوێ لە گۆرانیەکەم بگرە.....

ئێستا دەچم بۆ شوێنی شەهیدان، ناگەڕێمەوە.....

جەستەم بۆ مردن ڕازاوەتەوە ، لێوەکانم لاوازن....

کاتێ دەچم بۆ شوێنی شەهیدان ، دلْم گەورە دەبێت...

کاتێ کە دەچم بۆ شوێنی شەهیدان ، هەمووی وەکو یەك وایە ، دەترسام ، دەترسام . تەوژمی ڕووبارە مەزنەکە زۆر بە هێز بوو – بەلەمەکەم و سەوڵەکانمی برد . ئەمەش بۆ ڕووبارەکە تەلیسم بوو ، چونکە ڕووبارەکە فراوان و لەسەرەخۆ بوو. لە بەرەبەیانێکی درەو شاوە دا لە دەور و پشتم هەستم بە ڕووحی جنۆکەکان دەکرد ، لەو کاتەی بە ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتمە خوارەوە ، لەسەر ملم هەستم بە هەناسەیان دەکرد. هەرگیز وا تەنیا نەبووم – هەوڵم دا بیر لە مەعریفەت بکەمەوە. بریتی بوو لە کۆمێك بەڕووی سمۆرەکانی زستان . هێز لە مەعریفەتم دا نەمابوو ، هەستم کرد بچووکم ، وەکوو زەرنەقووتەیەکی ڕووتی تازە لە هێلکە جووقاو- بە تەنیا لە ڕووبارە مەزنەکەدا ، کۆیلەی شەهیدەکان .

دوای چەند ساتێك ، چاوەکانم کردەوە ، هەردوو کەناری ڕووبارەکەم دیت ، جارێك بینییم ڕێگای شەهیدان بەوێ دا تێپەڕ دەبوو. ئێستاکە هەرچەندە شکاون و کەوتوون وەکو قەدی ڕووەکێکی شکاوە. زۆر مەزن بوون ، سەرنج ڕاکێش بوون و لە زەمانی سووتانە گەورەکەوە شکا بوون ، ئەو کاتەی ئاگر لە ئاسمان دەکەوتە خوارەوە. بەردەوام ، تەووژمی ئاوەکە منی بەرەو شوێنی شەهیدان دەبرد ، کەلاوەیەکی گەورە هاتە پێش چاووم.

ڕەوشتی ڕووبارەکان نازانم – ئێمە خەڵکی گردەکانین. هەوڵم دا بەلەمەکە بە جەمسەرەکەی کۆنترۆڵ بکەم ، بەلاَم لە شوێنی خۆی دەخولایەوە . وام زانی ڕووبارەکە دەم بات بۆ ئەو دیوی شوێنی شەهیدان و دەرەوەی ڕووبارە تووڕە ئەفسانەکە . تووڕەبووم ، دلْم بەهێز بوو – بە دەنگێکی بە هێز ووتم " من قەشەم ، کوڕی قەشەم" شەهیدەکان گوێ یان لێم بوو – شەهیدەکان نیشانیان دام چۆن سەوڵەکە لە جەمسەری بەلەمەکەوە بۆ لایەك ببەم. تەوژمی ئاوەکە گۆڕا – بەرەو نزیك شوێنی شەهیدان ڕۆیشتم.

کاتێك زۆر نزیك بوومەوە ، بەلەمەکەم شکاو هەڵ گەڕایەوە ، دەتوانم لە دەریاچەکەمان مەلەوانی بکەم ، بە مەلەوانی بەرەو کەناری ڕووبارەکە ڕۆیشتم ، بزمارێکی گەورەی ژەنگاوی لە ڕووبارەکە هاتبووە دەرەوە ، خۆم پێوە گرتەوە و دانیشتم – هەناسەم دا. کەوان و تیرەکان و چەقۆکەی لە شوێنی شەهیدان دۆزیبوومەوە کە منیان پاراستبوو هێشتا پێم مابوون.

بەلەمەکە خولایەوە و شۆڕ بۆوە ناو ئاوە بەتەووژمەکە. سەیری بەلەمەکەم کرد و بیرم کردەوە خۆ ئەگەر ڕای بما لێمابایە ئەوا بە بێ ئازار دەمردم . بە هەرحاڵ ، تیرو کەوانەکم بەست و ئامادەم کردو بەرەو شوێنی شەهیدان بە ڕێکەوتم. هەستم کرد زەوی لە ژێر قاچمە ، نەی سووتاندم . ئەوەی پێشینان دەیان گووت ، کە زەوی هەتا هەتایە ، دەت سووتێنێ ، ڕاست نەبوو. لێرە و لەوێ نیشان و بۆیەی سووتانە گەورەکە لە سەر کەلاوەکان بە دی دەکرێ و ڕاستە. بەلاّم نیشان و بۆیەکان کۆنن. ئەوەی هەندێ لە قەشەکان دەیان گووت، دوورگەیە و جوان و دڵ ڕفێنە و بە تەم داپۆشراوە ، ڕاست نەبوو. وانیە. شوێنی مردوو مەزنە- مەزن ترە لە شوێنی ئەو مردوانەی ئێمە دەی زانین. لە هەموو لایەك ڕێگاکانی شەهید بەدی دەکرێ. زۆربەیان ڕووخاون و تێك چوون. لە هەموو لایەك تاوەری ڕووخاوی بەرزی شەهیدان بە دی دەکرێ.

نازانم چۆن باسی بینینەکانم بکەم؟ بە هەستیارییەوە ڕۆیشتم ، کەوانەکەم پێیە ، ئامادەم بۆ بەرەنگار بوونەوەی مەترسی . ناڵەی ڕووحەکان و هاواری جنۆکەکان لە هەموو لایەکەوە دەهات. کاتی گەیشتنم ڕۆژێکی زۆر خۆش و ئارام بوو. با و باران و ڕیقنەکەرەکان کاری خۆیان کردبوو- گیا لە نێوان تاشە بەردە شکاوەکان شین بوو بوو. دوورگەیەکی خۆشە، بۆیە شەهیدەکان خانوەکانیان لە وێ دروست کردووە. ئەگەر منیش وەکو شەهید لەوێ بوومایە ، ئەوا ماڵێکم دادەمەزراند.

نازانم چۆن باسی بینینەکانم بکەم؟ هەموو تاوەرەکان نەڕووخا بوون، لێرەو لەوێ چەند تاوەرێك مابوون، وەکو دارێکی مەزنی ناو جەنگەڵ و هێلانە بەرزەکانی باڵندەکان. تاوەرەکان کوێر بوون ، چونکە شەهیدەکان ڕۆیشتبوون.

بازە ماسی گرەکەم دیت، لە روبارەکە ڕاوی دەکرد. پەپوولە سپییە سەماکەرەکانم بینی ، لە سەر تاشە بەردە شکاوەکە سەمایان دەکرد.چوومە ئەوێ و سەیری خۆمم کرد. بەردێکی لار بووەوەی لا تیژ، ببو بە دوو پارچە بە دی دەکرا. دەتوانم پیتەکانی سەر بەردەکە بخوێنمەوە ، بەلاّم لە ماناکانی تێناگەم. وتیان UBTREAS ( باڵەخانەیەکە لە نیویۆرك) . پەیکەرێکی شکاوی پیاو یان شەهیدی لە سەر بوو. لە بەردی سپی دروست کراوە ، پرچی درێژی وەکو ژنان لەپشت سەری بەستوە ، ناوی ASHING بوو ، پەیکەری یەکێك لە شەهیدەکانە ( جۆرج واشنتن- سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا).لەسەر پاچە بەردەکە نووسرابوو و خوێندمەوە.

هەرچەندە ئەم شەهیدە ناناسم ، وام زانی ژیرییە نوێژ بۆ ئاشینگ بکەین . بەرەو باکوور بەڕێ کەوتم ، هەوڵم نەدا خۆم بشارمەوە. ئەگەر شەهیدەکان یان جنۆکەکان منیان بدیتبایە، لەوانەبوو بمردبام. لەم کاتەدا من چیتر نەدەترسام.

ئارەزووی مەعریفەت ناخمی دەسوتاند ، ئەوەندە زۆر بوو لێی تێنەدەگەیشتم. دوای چەند ساتێك هەستم بە برسییەتی کرد. دەکرا بۆ گۆشت ڕاو بکەم ، بەلاّم ڕاوم نەکرد. زانراوە شەهیدەکان وەکو ئێمە ڕاو ناکەن. خواردنیان لە ناو قووتووی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ دێت. هەندی جار ، هەندێ لەئەم خواردنانە لە شوێنی شەهیدان بەدی دەکرێن.

کاتێك منداڵ و گەمژە بووم ، یەکێك لەم قووتووانەم کردەوە و تامم کرد، شیرین بوو. باوکم زانی و سزای دام. چونکە خواردنەکە ماوەی بەسەر چوو بوو و مردبوو. ئێستاکە ماوەیەك بەسەر چووە چوومەتە ڕێگا پێنەدراوەکان . چوومە ناو تاوەرە خۆشەکان ، دەگەڕام بۆ خواردنی شەهیدەکان.

لە ناو کەلاوەی پەرستگا مەزنەکەی ناوەندی شار ، خواردنەکەم دۆزییەوە. پەرستگایەکی زەبەلاح ، بن میچەکانی بۆیاخ کرابوون ، لەسەر شێوەی ئاسمان و ئەستێرەکان لە شەو دا. ئەوانەم دەبینی ، هەرچەندە ڕەنگەکان کاڵ ببوونەوە. ژێر زەمینەکەی لە شێوەی تونێل و ئەشکەوت بوو. لە وانەیە کۆیلەکان لەوێ بەند کرابوون.

بازم دایە خوارەوە ، گوێم لە زیکەی جورجەکان بوو- نەڕۆیشتم. جورجەکان پاك نین ، لەوانەیە گەلێ کۆمەڵگایان هەبێ. لە نزیکیانەوە لە ناوەندی کەلاوەکە ، لە پشت دەرگا کراوەکە ، خواردنم دۆزییەوە. تەنیا میوەکانم خوارد ، زۆر شیرین بوون. لە ناو بوتڵە شووشەکان خواردنەوەش هەبوو. خواردنەوەی شەهیدان بەهێز و خەستە ، تووشی سەر سووڕانی کردم. دوای خواردن و خواردنەوە لەسەر تاشە بەردەکە لێی خەوتم ، تیرو کەوانەکەم لە تەنیشتم بوو.

کەخەبەرم بووە وە ، خۆر هێشتا نزم بوو. لەلای خوارەوە سەگێکم دیت ، لەسەر پاشەڵی هەڵتووتەکابوو ، زمانی دەرهێنابوو ، وەك ئەوە وابوو پێبکەنێ. سەگێکی گەورە بوو، ڕەنگی پێستی ، قاوەیی و خۆڵەمێشی بوو، گەورە بوو بەقەد بالآی گورگێك. بازم داو هاوارم لێکرد ، لە جێگای خۆی نەجوولاّ. لە شوێنی خۆی مایەوە، وەکو پێبکەنێ وابوو. کەیفم بەم دۆخە نەدەهات. بەردێکم بۆ هاویشت ، خۆی لە بەردەکە لادا. لەمن نە دەترسا و وای دەزانی خواردنی ئەوم. دەمتوانی بە یەك تیر بیکوژم ، بەلاّم نەم دەزانی سەگی تری لێیە یان نا. خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت.

تەماشای دەورو پشتمم کرد ، لە نزیکمەوە ڕێگایەکی تێکچووی شەهید بەرەو باکوور هەبوو. تاوەرەکان بەرز بوون ، زۆر بەرز نەبوون، ماڵی شەهیدان ڕووخا بوون ، بەلاّم شوێنی دانیشتن مابوو. بەرەو ڕێگای شەهید ڕۆیشتم . سەیری بەرزیی کەلاوەکانم دەکرد ، سەگەکەش دوام کەوت.کە گەیشتمە ڕێگای شەهید ، دیتم سەگێکی زۆرم لە دواوەیە. ئەگەر بخەوتابام ، ئەوا بەسەر جەستەمدا هاتبوون و قوڕگیان دڕاندبووم.

دیار بوو ، سەگەکان لەمن بێ گوومان بوون و بە پەلە نەبوون. چوومە ناو خانووی شەهید ، سەگەکان بەردەوام تەماشای ناو دەرگاکەیان دەکرد- بێ گوومان چاوەڕێی ڕاوێکی چەوریان دەکرد. بەلاّم سەگەکان ناتوانن دەرگاکە بکەنەوە. لە کتێبەکان دەمزانی کە شەهید حەز ناکات لەسەر زەوی بژی. بەڵکو حەز لە شوێنە بەرزەکان دەکات.

هەر لەم کاتەدا زانیبووم کە دەتوانم دەرگاکە بکەمەوە — سەگەکان پەلەیان کرد. ها.. ، لەلایان جێی سەرسوورمان بوو کە دەرگاکەم بە ڕوویان دا داخست. دەرگایەکی باش ، لە مێتاڵێکی بە هیز دروست کرابوو.

لە پشت دەرگاکەوە ، گوێم لە وەڕینیان و حەپە حەپیان بوو. وەڵامم نەدانەوە. لە شوێنێکی تاریك وەستابووم- قادرمەکانم دۆزیەوە، سەر کەوتم. قادرمەی زۆری لێ بوو. بە دەوری خۆم دا دەخولامەوە. تاوەکو گێژ بووم. لەسەرەوە دەرگایەکی تر هەبوو- شوێنی کلیلەکەم دۆزیەوە و دەرگاکەم کردەوە. ژوورێکی بچووکی درێژ- لە لایەکیەوە دەرگایەکی برۆنزی هەبوو، نەدەکرایەوە- منیش هیچ چارم نەبوو — لەوانەیە ووشەیەکی تەلیسمی هەبێ دەرگاکە بکاتەوە. ئەم ووشەیەم نەدەزانی. تەماشای پشتی دەرگاکەم کرد، قفڵەکە شکا بوو ، دەرگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە.

لەناو ژوورەکەدا ، شوێنی گەورەی دەوڵەمەندەکانی لێبوو. ئەو شەهیدەی لێرە ژیاوە ، شەهیدێکی زۆر مەزن بووە. یەکەم ژوور ، ژووری دانیشتنی بەیانیان بوو- بۆ ماوەیەك چاوەڕێم کرد. بە ڕووحەکانم گووت ، من بە ئاشتی هاتووم ، دز نیم. وا پێ دەچوو کاتیان هەبوو گوێ بیستم بن، بەردەوام بووم.

ئای، چۆن دەوڵەمەند ! زۆر کەم ، پەنجەرەکان شکابوون — هەرواش پێشبین دەکرا. پەنجەرە گەورەکەی بەسەر شاردا دەی ڕوانی نە شکابوو، هەرچەندە ، خۆڵاوی بوو ، تەمەنی ساڵانی پێوە دیار بوو. لە زەمینی ژوورەکە ، ڕاخراو هەبوو، ڕەنگەکانیان زۆر کاڵ نەبووبوونەوە ، کورسییەکان نەرم و قووڵ بوون.

هەندێ وێنە بە دیوارەکانەوە بوون. زۆر سەر سووڕ هێنەرو جوان بوون- دەسکێك گوڵ لە ناو ئینجانەکەدا بوو. ئەگەر لێی نزیك ببوایەوە ، هیچت نەدەبینی ، جگە لە ڕەنگ. کە لێی دوور دەکەوتیتەوە ، گوڵەکان وا خۆیان نیشان دەدا، وەکوو بڵێی دوێنی لێکراونەوە. دڵم ئەم وێنەیەی لە لا سەیر بوو. سەیرکردنی پەیکەری باڵندەکەی سەر مێزەکە کە لە قوڕ دروستکرابوو، زۆر لە باڵندەکانی لای خۆمان دەچوو.

لە هەموو لایەك ، کتێب و نووسین هەبوو. زۆربەیان بە زمانێك نوسرابوون ، لێیان تێنەدەگەیشتم. ئەم شەهیدەی لێرە ژیاوە، شەهیدێکی ژیرو مەعریفەت دار بووە. هەستم کرد لەوێم و باسی مەعریفەتم کرد.

بەهەر حاڵ- سەرنجڕاکێش بوو. شوێنی خۆ شووشتن ( گەرماو) ی لێبوو- ئاو نەبوو. لەوانەیە شەهیدەکان لە هەوادا خۆیان شووشتبێ.ناندین(چێشتخانە) ی لێبوو. ئاگردانی نەبوو. مۆم و چراشی لێ نەبوو. هەندێ شتی لێبوو بە چرا دەچوون بەڵام نەوت و پلێتەیان تێدا نەبوو. ئەمانە هەمووی تەلیسم بوون ، من دەستم لێدان وهەستم پێ یان کرد — تەلیسمەکە لە ناویان دا نەمابوو. ڕێگام پێبدەن شتێك بڵێم. لەگەرماوەکەدا شتێك هەیە پێی دەڵێن "گەرم" بەڵام گەرم نەبوو، شتێك هەیە پێی دەڵێن "سارد" بەڵام سارد نەبوو. دەبێ ئەمە تەلیسمێکی بە هێز بووبێ ، ڕۆیشتووە ، لێرە نەماوە- من تێ ناگەم- شێوەیان هەیە — حەزم دەکرد بم زانیبایە.

لەناو ماڵەکەدا ، جل و بەرگی خولاوی و وشکی شەهیدانی لێ بوو. ووتم جادوو گەرەکان ڕویشتوون، بەڵام ڕاست نیە- کەرەستە جادووییەکان ڕۆیشتوون، بەڵام شتەکانیان نەڕۆیشتوون ، هەر لێرە ماون. لە دەوروپشتم هەستم بە

ڕووحەکان دەکرد ، خۆیان بە سەرم دا دەدا. لە ژیانم دا لە شوێنی مردووان (گۆڕستان) نەخەوتووم- بەڵام ئەمشەو پێویستە لێرە بخەوم. کاتێك بیرم لەمە کردەوە ، زمانم لە ناو قوڕگم دا ووشك بوو. هەرچەندە ئارەزووی درککردنی مەعریفەتم هەبوو. دەبوایە بچمە خوارەوە و ڕوو بەڕووی سەگەکان ببمەوە. بەڵام نەچوومە خوارەوە.

نەچوومە ناو هەموو ژوورە تاریکەکان. هەستم بە شتێك کرد، گەڕامەوە ژوورە گەورەکەی بەسەر شاردا دەڕوانێ، ئاگرم کردەوە، ئاگردانی لێ بوو، کۆمەڵێك داری سوتاندنی لێ بوو. باوەڕناکەم ، لێرە خواردنیان دروست کردبێ. خۆم بە ڕایەخی ژوورەکە داپۆشی و بەرامبەر ئاگردانەکە لێی خەوتم—زۆر هیلاك بووم.

ئێستا باسی تەلیسمی بەهێز دەکەم. لەنیوەشەودا خەبەرم بۆوە، ئاگرەکە کووژابووەوە، سەرمام بوو. وا پێدەچوو، دەورو پشتم چرپەو دەنگە دەنگیان لێوە دەهات. بۆ ئەوەی بێدەنگیان بکەم ، چاوەکانم داخست. بلێی جارێکی تر خەوتبمەوە، لەو باوەڕەدا نیم. هەستم دەکرد ڕووحەکان ، ڕووحم ڕادەکێشن ، وەك ماسییەك لە ئاو دەری بهێنی.

بۆچی درۆ بکەم؟ من قەشەم و کوڕی قەشەم. هەروەکو دەڵێن، ئەو ڕووحانە لە شوێنە بچووکەکەی مردووەکان لە نزیك ئێمە هەن. لە شوێنە مەزنەکەی شەهیدەکان نین.حەزیان لە قسەکردن نیە. لە دوای ئەم ساڵانە دەزانم ، هەستم کردووە ڕاکێشراوم وەکوو ڕاکێشانی ماسی بە قوولاب. لە جەستەم چوومەتە دەرەوە. خۆمم دەبینی لە پێش ئاگردانە ساردەکە، خەوتبووم ، بەڵام من نەبووم. من ، ڕاکێشرابووم تاوەکو شاری شەهیدان ببینم.

وا پێ دەچوو ، تاریك بوو، چونکە شەو بوو. بەڵام تاریك نەبوو. لە هەموو شوێنێك ڕووناکی هەبوو—شەبەنگی ڕووناکی—تەمی ڕووناکی بازنەیی—دەهەزار لایت (تۆرچ) ئەم ڕووناکیەی نەدەبەخشی. ئاسمان دەدرەوشایەوە — بە ئاستەم دەتوانی ئەستێرەکان ببینی. ووتم ، ئەوەیە "تەلیسمی بە هێز" و دەلەرزیم. لە ناو گوێم دا ، هاشە هاشێك، لە شێوەی هاژەی ڕووبار دەهات. چاوەکانم بە ڕووناکیەکان و گوێم بە هاشە هاشەکان کرانەوە. زانیم من شارەکە دەبینم بە هەمان شێوەی ئەو کاتەی شەهیدەکان لە ژیان دا بوون.

لە ڕاستیدا ، ئەمە بینین بوو، بەڵێ ، ئەمە ڕووناکی بوو: هەرگیز لە جەستەمدا نەمدەبینی. ئەگەر بمبینیبایە ، ئەوا جەستەم دەمرد. لە هەموو لایەکەوە ، شەهیدەکان ، بە پیادە و بە گالیسکە دەڕۆیشتن. ژمارەیان هەژمار نەدەکرا ، گالیسکەکان شەقامەکانیان گرتبوو. بۆ خۆشیی خۆیان شەویان کردبوو بە ڕۆژ. لە گەڵ خۆر نە دەخەوتن. دەنگ و ناڵەی هاتوو چۆیان، دەنگ و هاژەی ئاوەکان بوو. ئەمە تەلیسم بوو. دەتوانین بیکەین، تەلیسم بوو کردیان.

لە پەنجەرەیەکی ترەوە تەماشای دەرەوەم کرد، ڕووەکە مەزنەکانی پردەکان، چەمابوونەوە. ڕێگاکانی شەهید ، بەرەو ڕۆژ ئاوا و ڕۆژهەڵات بوون.

بەبێ ووچان، بەبێ ووچان ، شەهیدەکان بەردەوام لە جووڵە دابوون ! چەند تونێلکیان لە ژێر ڕووبارەکان لێ دابوو. بەهەوادا فڕین. بە ئامێری باوەڕ پێ نەکراو، کاری مەزنیان ئەنجامدا- هەموو زەویان داگیر کردبوو. ئەگەر

ئارەزووی شتێکیان بکردایە، لە بەشەکانی تری جیهان داوایان دەکرد. هەردەم هەروەکوو کاریان دەکرد و دەحەسانەوە، بە هەمان شێوە ئاهەنگ و خۆشیان دەگێرا. لێیان دەدا وەکوو دڵی پیاو.

دڵخۆش بوون ، دڵخۆشی شەهیدان چیە؟مەزن بوون، زەبەلاح بوون، زۆر قەشەنگ بوون، ناخۆشی گوزەران بوون. کاتێك تەماشای خۆیان و تەلیسمەکەیانم دەکرد، وەکوو منداڵێك هەستم دەکرد. کەمێ زیاتر ، ڕادەکشێنە خوارەوە. دەمبینین ، لە گەڵ ژیریی ، لە دوای ژیریی ، مەعریفەت لە دوای مەعریفەت. ئەوەی دەیان کرد هەمووی باش نەبوو- هەرچەندە دەم بینی- ژیرییەکانیان نەش و نمای دەکرد تاوەکوو هەمووی دەبوو بە ئاشتی.

لە کۆتاییدا بە چارەنووسی خۆیان گەیشتن، ووتەیەکی سەختە. چارەنووسیان هات، لەو کاتەی شەقامی شارەکەیان دەبڕی. لە گەڵ خەڵکی جەنگەڵەکە لە شەڕدا بووم.- پیاوانم دەدی دەمردن. بە شێوازی شەڕی شەهیدەکان لەگەڵ شەهیدەکان نەبوو.جۆرە چەکێکیان بەکار دەهێنا نازانین چیە. تۆپە ئاگر و تەمی ژەهراوی لە ئاسمان دەهاتە خوارەوە. کاتی سووتانە گەورەکە و وێران کردنەکە بوو کە بە هەموو لایەك دا ڕایان دەکرد.وەکوو مێروولەکان لەسەر شەقامی شارەکەیان- شەهیدە هەژارەکان ، شەهیدە هەژارەکان.

تاوەرەکان دەستیان کرد بە کەوتنە خوارەوە. هەندێکیان ڕایان کرد ، بەڵێ هەندێکیان ، چیرۆکە ئەفسانەییەکە وا دەڵێ. دوای چەند ساڵێکیش لەوی کە شارەکە ببو بە شوێنی مردوو ، هێشتا ژەهرەکە لەسەر زەوی هەر مابوو. ڕووداوەکەم دی ، دوا پیاوەکانم دی مردبوون. تاریکی بەسەر شارەکەدا هاتبو ، بە کووڵ گریام .

ئەمانەم هەموو دیت، هەروەکو باسم کرد، بەلأم لە جەستەمدا نەبوو. کاتی بەیانی، هەڵسام لە خەو، برسیم بوو. یەکەم جار بیرم لە برسیەتییەکەم نەکردەوە، بیرم لە شێواویی دڵم دەکردەوە و شێواو بووم.

هۆکاری شوێنی مردووەکانم دەزانی ، بەلأم نەم دەزانی بۆچی ڕوویدا. وام هەست دەکرد، کە نەدەبوایە ڕووبدات ، لەگەڵ ئەو تەلیسمانەی هەیان بوو. بەناو خانووەکەدا ڕۆیشتم، دەگەڕام بۆ وەلأم. گەڵێ شت لەناو خانووەکەدا بوو، لێی تێنەدەگەیشتم — هەرچەندە من قەشەم و کوڕی قەشەم. وەکوو ئەوە وابوو لە کەناری ڕووبارە مەزنەکە بیت و هیچ ڕووناکییەك نەبێ ڕێگاکە ببینی.

شەهیدێکی مردووم بینی، لەسەر کورسیەکەی دانشتبوو، لەپێش پەنجەرەی ژوورێك کە من نەم بینی بوو. یەکەم جار وام زانی زیندووە. پێستی پشت دەستیم بینی، وەکوو چەرمێکی ووشك وابوو. ژوورەکە داخرابوو، ووشك و گەرم- بێ گوومان ئەمە هۆکاری مردنەکەیەتی. لەسەرەتادا ترسام لێی نزیك ببمەوە- ترسەکەم ڕەوییەوە. دانیشتبوو تەماشای شاری دەکرد. جل و بەرگی شەهیدانی لەبەر کردبوو. تەمەنی ناوەند بوو- نە گەنج نە پیر- نازانم چەند ساڵان بوو. بەلأم ژیری و غەمگینی لە دەم و چاوی دا بە دی دەکرا. وا دیارە ڕاینەکرد بوو. دانیشتبوو، تەماشای مردنی شارەکەی دەکرد ، خۆشی مرد.

له دەستدانی یەکێك باشترە له لەدەستدانی ڕووحێك- ئەمەش له دەم وچاوی دەبینرا که ڕووحەکه لەدەست نەچووە. دەمزانی ئەگەر دەستی لێ بدەم دەبێت بە خۆڵ – هەرچەندە هەندێ شت لە دەم و چاوی دا هەبوو ، نه دەخوێندرایەوە.

ئەوە هەموو چیرۆکەکەمە، دەمزانی که ئەوە پیاوە، زانیم که هەموویان پیاون، نەشەهیدن و نه عفریتن. عفریتێکی مەزنه ، ستەمە باوەڕ بکەی. ئەوان پیاو بوون- به ڕێگایەکی تاریك دا ڕۆیشتن، بەلاَم پیاو بوون. دوای ئەوە ترسم نەما و نەترسام بگەڕێمەوە ماڵەوە. هەرچەندە دوو جار له گەڵ سەگەکان شەڕم کرد و یەك جاریش خەڵکی جەنگەڵ ڕاویان کردووم.

که باوکمم بینی ، دەست نوێژم گرتبوو، نوێژم کرد. دەستی له لێوەکانم و سینگم دا، ووتی"ڕۆیشتیت وەکوو کوڕ، گەڕایتەوە وەکوو پیاو ، وەکوو قەشە" وتم بابەگیان، ئەوان هەموویان پیاو بوون! چوومە شوێنی شەهیدەکان و هەموویانم بینی، ئێستا سەرم ببڕە، بم کووژە ، ئەگەر ئەمە یاسایە- بەلاَم من هەر دەزانم که ئەوان پیاو بوون.

به چاوەکانی سەیری کردم. ووتی"هەموو کات ، یاساکان هەمان شێوەیان نیە- ئەوەی کردت- کردت. له ژیانم دا من نەم دەتوانی ئەنجامی بدەم، تۆ لەدوای من هاتی و ئەنجامتدا. بۆم باس بکە". بۆم باس کردوو ئەویش گوێی لێڕاگرتم، حەزم دەکرد بۆ هەموانی باس بکەم، بەلاَم باوکم پێی باش نەبوو. ووتی " ڕاستی ، مامزێکی به هێزە ، ئەگەر ڕاوی بکەی ، ئەگەر بەیەك جار هەموو ڕاستیەکان بخۆی ، لەوانەیە بمری. بێ هۆ نیە که باپیرانمان شوێنی مردووەکانیان ڕێپێنەداوین" .

باوکم ڕاستی کرد – باشتر وایە ڕاستیەکان کەم کەم بدرکێنی. زانیم ، قەشەکان له ڕۆژانی ڕابردوودا ، مەعریفەتیان زۆر خێرا خواردووە. به هەر حاڵ، ئێمە سەرەتاکەمان دەست پێکرد، به تەنیا بۆ خاتری مێتاڵەکە نیە دەچین بۆ شوێنی مردووەکان- بەڵکو بۆ کتێبەکان و نووسینەکانە. فێربوونیان زەحمەتە. هۆکاری تەلیسمەکان شکاون- بەلاَم دەتوانین سەیریان بکەین و سەرنجیان لێبدەین. به لایەنی کەم ، سەرەتاکە دەست پێبکەین.

کاتێ بووم به سەرۆکی قەشەکان، دەڕۆین بۆ ئەو دیوی ڕووبارە مەزنەکە. دەچین بۆ شوێنی شەهیدان- شاری نیویۆڕك، یەك پیاوە، بەڵکوو ، کۆمەڵێك پیاون. سەیری وێنەی شەهیدەکان بکەین ، شەهید ئاشینگ و ئەوانی تر بدۆزینەوە- شەهیدان ئەبراهام لینکۆلین و بیلتیمۆر و مۆزس. پیاوەکان بوون شاریان دروست کرد، شەهیدەکان و عفریتەکان نەبوون. پیاو بوون. دەم و چاوی مردووەکەم له یادە. پیاوەکان له پێش ئێمە له وێبوون- پێویستە جارێکی تر ، شار بینا بکەینەوە.